ڕەمیو جوڵەت لە چل کاری سینەمایی دا.. حەیدەر عەبدوڵەحمان

ڕەمیو جوڵەت، کە لەڕەسەندا شانۆگەریەکی ڕەمانسی و تراژیدی شکسپیرە دوای هاملەت، دووەم فیلمە کە تائێستا 40 کاری سینەمایی لەسەر کرابێت، هەیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە فیلمەکە بینەرێکی زۆری هەبووە، بەهۆی ئەو خۆشەویستیە ڕەمانسییە ناتەقلیدیەی لە فیلمەکە دایە، هەروا تیشك دەخاتە سەر ئەو ململانێ توندو بەتینەی نێوان هێزی شەو و هێزی خێر لەناخی مرۆڤ و ئەو باجەی کە دەبێت ئاشقەکان لەکەسانی قین لەدڵی بسڕننەوە .
تا ئێستا ئەم تێکستەی شکسپیر بەزیاتر لەسەد زمانی جیهان وەرگێڕدراوە، کاتی خۆی شکسپیر بۆ نووسینەوەی ئەم تێکستە شانۆییە زۆر کاریگەر بووە بەقەسیدەیەکی شاعیری ئینگلیزی(ئارسەر برۆك) بەناونیشانی (داستانی ڕەمیو جولێت) ئەویش لەلایەن خۆیەوە بۆ نووسینی ئەم قەسیدەیە سوودی لەچیرۆکێکی نووسەری ئیتاڵی(ماتیو باندیلۆ) وەرگرتبوو.
ڕوداوەکان لەشاری(فیرۆنا) ی ئیتاڵی دەست پێ دەکەن، بەدوژمنکاری کۆنی هەردوو بنەماڵەی (مۆنتیجێ ــ کاپولت ویشك) پاشا ویسکاڵس بۆ چەندین جار ئاگاداری ئەو دوو بنەماڵەیە دەکاتەوە، لەدوور کەوتنەوەی شەو شۆو دروست کردنی نائارامی لەشارەکەدا، هەڕەشەی لەسێدارادانی هەرکەسێکیش دەکات کە پابەند نەبێت بەبڕیارەکانی، ئەوکاتە ڕەمیۆ کەوتبوە داوی خۆشەویستی(ڕۆزالین) شەوێك ڕەمیو بنگۆلیۆی هاوڕێ ی دەچنە ئاهەنگێکی بنەماڵەی (کاپۆلیت) و بەشێوەیەك خۆیان پێشیووە نەناسرێنەوە، بەڵام کاتێك (تیبالت) دەیانناسێتەوە، هەوڵ دەدات دەست کات بەشەڕ کردن، بەڵام کاپۆلیت ڕێگە بەئازاوە نانەوە ناداو ڕەمیۆ لە ئاهەنگەکە بەدوور دەکاتەوە، بەڵام بەر لەوە جولێت دەبینێ و دووپاتی خۆشەویستی خۆیان دەکەنەوە بۆ یەکتر، دواتریش لای ڕاهیبەیەك هاوسەر گیریی دەکەن ..کاتێ پاشا هەواڵی شەو شۆەکە دەزانێ، بۆیار دەدات ڕەمیۆ نەفی بکرێ و لەشاری (فیۆن) بەدەر بنرێ، ڕاهیبەکە هەواڵی نەفی کردنی ڕەمیۆ بەجولێت دەڵێت و پەیمانی دەداتێ هەوڵ بدات بەیەکیان بگەیەنێت، وا ئامۆژگاری ڕەمیۆش دەکات بەنهێنی جولێت ببینێ، پاشان فیۆن بەجێ بێڵن بەرەو(مانتوا) ئینجا کاپۆلیت داوا لەجولێت دەکات کەتا ماوەی

سێ ڕۆژ هاوسەر گیریی لە گەڵ(باریس) ئەنجام بدات، بەڵام جوڵەت ڕەتی دەکاتەوە هاوسەر گیری لە گەڵدا بکات، بەڵام دواتر وەك بەکارهێنانی تەکتیکێك بۆ خۆ ڕزگار کردن جوڵەت وا بەباوکی ڕادەگەیەنێت کە ئەو ڕازییە هاوسەر گیریی لەگەڵ پاریس ئەنجام بدات، بەڵام ڕۆژێك بەر لەوە دەرمانێك دەخواتەوە و خەڵکی وایان زانی گیانی لەدەست داوەو پرسەیان بۆ دانا، ڕەمیۆ کە ئەو هەواڵە دەزانێ سوێند دەخوات کە دەبێت لەگەڵ جوڵەت بنێژرێت، لەبەر ئەوەی ئاگاداری پلانەکەی جوڵەت نەبوو بۆ گەیشتن بە ڕەمیۆ، بۆیە ژەهرێکی خۆکوشتن دەکێشێ، ڕاهیبەکەش ئاگاداری جوڵەت دەکاتەوە، نەیتوانیووە پلانەکە بەڕەمیۆ بگەیەنێت، بۆیە ئەگەر بزانێ تۆ مردویت مەترسی مردنی دەکەوێتە سەر، کاتێکیش کە پاریسی زاوا دەیەوێ لاشەکەی جوڵەت ببینێ، ڕووبەڕووی ڕەمیۆ دەبێتەوە کە بەرەو هەمان شوێن دێ، بەرانگیری یەکتر دەبنەوەو ڕەمیۆ پاریس دەکوژێ، ئینجا ژەهرەکە دەخواتەوە بۆ ئەوەی لەتەك جوڵەت بمرێت، کاتێ ڕاهیبەکە دەگاتە سەریان ڕەمیۆ بە مردوویی دەبینێت، ئینجا جوڵەت لەبۆ ئاگایی بەخۆ دێتەوە و لاشەی مردووی ڕەمیۆ دەبینێت، هەر بە خەنجەرەکەی ڕەمیۆ خۆی دەکوژێت.

فیلمە بە دەنگەکانی ڕەمیۆو جوڵەت

فیلمە بێدەنگەکانی ڕەمیۆو جوڵەت (28) فیلمن:

1. فرەنسا جۆرج میلیس 1901
2. ئەمریکا ستیوارت بلاکتۆن 1908
3. ئیتالیا ماریۆ کاسیرینی 1908
4. بەریتانیا ویجی بارکر 1908
5. ئەمریکا 1911
6. فرەنسا 1911
7. ئیتالیا ئوجو فالینا 1912
8. فرەنسا 1914
9. ئەمریکا 1915
10. ئەمریکا رائول والش 1916
11. ئیتاڵیا ئەمیلۆ جرازینی 1918
10. ئەمریکا فین موری 1920
13. ئەڵمانیا بیتر بول فیتلر 1923
14. ئەمریکا ئەی .ا. دوبون 1926

: فیلمە بەدەنگەکانی ڕەمیۆ جوڵەت

1. فیلمی (ڕەمیۆو جولیت) بۆ یەکەم جار ساڵی 1935

لەدەرهێنانی (جۆرو کیوکر) پێشکەش کراوە، بەهام ئەو سەرکەوتنەی بەدەست نەهێناوە وەك چاوەڕوان دەکرا، کە تێیدا (نۆرما شیرێ) ڕۆڵی (لیزلی هوارد) ڕۆڵی ڕەمیی بینی.
2.ساڵی 1939 لەوڵاتی فەرەنسا دەرهێنەری ناسراوی فرەنسی (ویلی روزویر) فیلمی ڕەمیو جولێتی بەسینەما بەرهەم هێنا.
3.هەروا (فارلین شمیدلی) ساڵی 1941 لەسویسرا کاری دەرهێنانی بۆ ڕەمیو و جولێت ئەنجام داوە.
.(میجیل دلجادێ) لە مەکسیك ـ ساڵی 1943 فیلمی ڕەمی ڕەمیو و جولێتی دەرهێنا.4
5.ساڵی 1944 فیلمێکی تر لەشانۆگەری ڕەمیو جولێت فیلمێکی میسری بوو، بەناوی (شەهیدانی ئەڤینداری) دەرهێنانی کەمال ئەلشەیخ.
6.ساڵی 1948 فیلمێکی تر بەبەرهەم هات، فیلمێکی هیندی بوو(ڕەمیو جولێت) دەرهێنانی(ئەکتار حسێن) نواندنی(نرجس و یوراج) کە دوو ئەستێرەی ناسراوی بواری گۆرانی و موزیك بوون .
7.فیلمێکی تری ڕەمیو جولێت ساڵی 1954 بەبەرهەم هاتووە ، فیلمێکی ئیتاڵی بووە، لەدەرهێنانی (ڕیناتۆ کاستیلانی) نواندنی سۆزان شینتال و لۆرانس هارفی.
.8.ساڵی 1958 فیلمێکی سۆڤیەتی بوو، بەناتوی(ڕەمیو جولێت) دەرهێنانی(لیف ئەرینتشام) لەبالیەی (بۆکوفییف) وەرگێرابوو.
. چیرۆکی گەڕەکی ڕۆژئاوا (9 ((West Side Story.فیلمێکی موزیکیە ساڵی 1961 بەرهەم هاتووە، لەدەرهێنانی (ڕۆبەرت وایز) 10 خەڵاتی ئۆسکاری بە دەست هێناوە، لەوانە خەڵاتی باشترین فیلم، باشاترین ئەکتەری لاوەکی پیاو وباشترین ئەکتەری لاوەکی ئافرەت، باشترین جلو بەرگ و باشترین موزیك، ڕوداوەکانی لەگەڕەکێکی کۆنی نیۆیۆرك تۆمار کراوە، لەنواندنی(ناتالی وۆرد ـــ ریتشارد بایمەر)
ساڵی 1964 فیلمێکی ئیتاڵی ئیسپانی هاوبەش بەرهەم هێندرا، لەلایەن دەرهێنەری دەرهێنەری ئیسپانی ریکاردۆ (نریدا) کاری دەرهێنانی بۆ کراوە.
11. فیلمێکی تر ساڵی 1965 بەبەرهەم هاتووە، نمایشێکی ئەکادیمییای پاشایی بوو بۆدراما دەرهێنانی(فال دروم)
.11.ساڵی 1967 فیلمێکی ئیتاڵی بەریتانی هاوبەش بەرهەم هات، دەرهێنانی (فرانکۆ زیفرللی) نواندنی (لیۆنارد وایتینج) و ئۆلیڤیا هاسی ..ئەم فیلمە بە باشترین دادەندرێت لەو

فیلمانەی لەشانۆیی (ڕۆمیۆ و جولێت) وەرگیراون.
زیفرللی ـــ لەم بارەیەوە دەڵێت: دوای ئەوەی دە ساڵان کارم لەشانۆ ئۆپیرادا کرد، چەندین شانۆگەری شکسپیرم بۆ شانۆ دەرهێناوە، پێم ئاسایی بوو بەسینەما دریژە بەکارەکانم بدەم لەگەڵ شکسپیردا
جۆرج کاو لە نووسینێکی بەناوی (وتووێژێك لەگەڵ زیفرللی) لەگۆڤاری فیلم ئاندفیلمنج ـــ لەبەریتانیا ئەپریلی 1973دەڵێت:
ڕەخنەگری بەریتانی (کینیت تینان) نوسیوویەتی: کەسایەتیەکان نەگەورەتر لەخەیان نەبچووکتر بوون لەژیان، بەکو کتومت بەقەد خەیان بوون..دەرهێنەر ڕێچکەیەکی سادەو وروژێنەری بەکارهێنابوو لەڕەسم کردنی کەسایەتیەکاندا، وەك ئەوەی تاکی ڕاستەقینە بن لەهەوڵستە ڕاستیەکاندا
ئەکتەرەکان هەستیان بەوە نەدەکرد لەچەند ڕۆکا نواندن دەکەن، لەتراژیدیایەکی نەمردا، بەکو وەك کەسانی زۆر ئاسایی کاریان دەکرد.
دەڵێن ئەم جۆرە شێوازە ڕیالیستیە خەسڵەتە ڕاستەقینەکانی شکسپیر نیشان دەدەن
زیفرللی ـــ بەهەمان ئەو هەناسە ڕیالیستیە ئەو فیلمەی دەرهێناوە، بۆ ڕۆ بینینەکەش دوو ئەکتەری لاوی لەتەمەنی حەڤدە ساڵی و شانزە ساڵی هەبژاردووە.
لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا فیلمەکەی (زیفرللی) بەدەر نەبوو لەڕەخنە، زۆر لەوان گلەییان لەوە هەبوو کە فیلمەکە دیمەنی ڕووتی تێدایە ئەمەش بەلای ئەوانەوە ڕوخانی بەرائەت و پاکیزەیی بوو لەفیلمەکەدا
بەڵام (زیفرللی) دەڵێت: لەیەکەم شەوو دوا شەوی خۆشەویستیان هەردوو ئاشق وەك دوو فریشتە خەوتبوون، ناکرێت ئەم دیمەنە بەشێوەیەکی هەڵە لێك بدرێتەوە
فیلمەکە لەنواندنی(ئۆلیفیا هاسی (15) ساڵ (وایتنج لیۆنارد 17 ساڵی) بوو، دوو خەڵاتی ئۆسکاری بە دەست هێناوە، خەڵاتی باشترین وێنە گرتن و خەڵاتی باشترین دیزاینی جلو بەرگ
باز لەرمان) یش، ئەم فیلمەی لەساڵی 1997 لە فیستیڤاڵی بەرلینی سینەمایی نمایش کرد، لەئەنجامدا خەڵاتی (فرید باوەر) و خەڵاتی باشترین ئەکتەری ئافرەت و باشترین ئەکتەری پیاو درایە (لیۆنارد دی کابریۆ) لەرۆڵی ڕۆمیۆ و، فیلمەکە 20 ملیۆن دۆلاری تێ چووبوو، بەڵام لە یەکەم نمایشی دا 75

ملیۆن دۆلاری بەدەست هێنا، بۆیە فیلمەکە لەو کاتەدا لە رووی داهاتەوە بوو بەسەرکەوتووترین فیلمی شکسپیر
ئەم فیلمە دووەم فیلمی درێژی دەرهێنەری ئیتاڵی (باز لۆرمان) بوو کە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا.
فیلمەکە رێکەوتی 400 مین ساڵیادی نووسینی ڕۆمیۆ جولێت بوو، وەك د. (موئەنەس تاها حوسێن) دەڵێت: یەکێکە لەشاکارە هەرە بەچێژەکانی شکسپیرو بەیەکەم شانۆگەری سەرهەڵدانی درامای ڕۆمانسی دادەندرێت لەئەدەبی ئەوروپی دا، کە کۆمیدیاو تراژیدیا ئاوێزانی یەکتر بکات.

ا پرسی گشتی لەسەر پەدانی زەوی بەشێخ نەهرێ.. جەمال کەشش

پرۆژەیەکی گەورەتر لە مەرجەعیەتی سیڤی وکەرتی گشتیاری گشتیاری پرۆژەی مەدەرنیە

تەماس کوک داهێنەری گشتیاریی مەدەرن، یە کە مین گشتی لەساڵی ١٨٤١ لەگەڵ شەمەندەفەری هەمینەوە، بە ٥٧٠ کەس، لەنێوان دوو شاری نۆخەیی لە بەریتانیادا ڕێکخست. کرێی تێچووی بە کوپە چایی و پارچە کێکیک بە کشمیشەوە یەک شیلنگ بوو. هەمان کەس لە ساڵی ١٨٥٥ دا یەکەمین گشتی بۆ ئەوروپا سازدا. تا کۆتایی ساڵی بەری، گروپی کەمپانیاکانی تەماس کوک یەکیک لە گەورەترین کەمپانیاکانی کەرتی گشتیاری بوو. مەژووی گشتیاری مەدەرن " گشتیاربۆ ابواردن وبەسەربردنی کاتەکانی پشوو بۆ جێگا دوورەکان" سەفەر دەکات، بۆ چەند قۆناخێکدا تێپەڕیوە. سەرەتا ئەم نیعمەتە هەر بۆ چینێ ئەرستۆکراتەکان وپادشا و خەزانە دەولەمەندەکان تایبەت و دابین دەکرا. بۆ پەرەسەندنی شێوەی پیشەسازی بۆتایبەت لەبواری ڕێگاوبانەکان و شەمەندەفەرو پاپۆڕەکان ، بواربۆ تۆژە پارەدارەکانی تر لە پسپۆران وپزیشکان وجەنەرالەکاندا ڕەخسا. نیو سەدە دواتر،پاش ئەوەی خەباتی چینی کرێکار، کەمکردنەوەی سەعاتی کارو پشووی یەک هەفتەیی ودوو هەفتەیی بۆ کرێی تەواوە بەدەستهێنا (بۆتایبەت لەئەڵمانیا)، گشتکردن پانتاییەکی کەمایەتی وەرگرت.

پیشەسازی گەشت وگوزاربە سەکتەرەکی وبەرهەنانی کەمەایەتی سەرمایە، لەدروستکردنی هوتەل و پاپەری گەورە و چەشتخانەو پارک وشونە گەشتیارییەکان …پەرەدەستنە. بیریارو مژونوسانی گەشتیاری، پرژەی مەدەرنە وگەشەکردنی هیومانیزم و تانەت بەخشینی قوارە بە ئەوروپا بە روحی گەشتیاری مەدەرنەو دەبەستنەو. تەلیرانس و کرانەو وژیاندەستی و ژینگە دەستی، بەشکن لە شوناسی تیوری گەشت. یەک سەدە دواتر، لە دەورانی سەرمایەداری جیهانگیر وگلۆبلازیشندا، پشکەوتنەکان لە بواری تەکنەلژیای پیوەندی وهەە ئاسمانیەکان و هەرزانی وخرایی ئامازەکانی گواستنەو و..هتد. سەکتەری گەشتوگوزاری گەی بەیەکەک لە پرژە هەرە گرنگەکانی بازاڕی سەرمایەو بەگەخستنی هەزی کار ملەنی. لە ۹ مانگی سەرەتایی ساڵی ۲۰۱۹ دەدا۱.۱ ملیارد گەشتیار هەبووە. لەهەر یانزە کەس لە هەزی کار لەو بوارەدا کاری کردووە ، لە هەندە وڵات سەیەمین سیکتەری داهات بووە. وە ساڵی پەرار، بە بەی ۲.۲ ترلیەن دۆلاری ئەمەریکی کەەکەی سەرمایە خەمەنراوە.” سایتی ەکخراوی گەشتیاری جیهانی”

دەرفەتەکانی بەردەم گەشەی گەشت وگوزار لە کوردستانی عەراق

ەنگە نمونەیەکی گونجاو نەبەت، سویسرا بە بەراورد کاری، من بەکورتی یەک لایەنی وەردەگرم، سەردانی ماپەەی بەەوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سویسرا دەکە یەت سە ووشەی زەر سادە(بابەتی، شەفافیەت، متمانەی تەواو) وەک بەرنامەی ەکخراوەیەک ” ئازادی، دادپەوەری، یەکسانی” دەبینیت.
لە ساڵانی ۲۰۰۷ بەدواوە، ساڵانە ژمارەی گەشتیاران لە کوردستان هەکشاوە . بەپەی “بەردی گشتی تەریزم”ی حکومەتی هەرەم ، لەو ساەدا ۳۷۷.۳۹۷ گەشتیار سەردانی کوردستانیان کردووە، بەەام لە ساەی ۲۰۱۲ گەیشتە ۲،۲ ملیەن کەس. لە ساەی ۲۰۱۱ دا، ەژنامەی نەرک تایمز، کوردستان بە ٤١ یەکەمین ئەو جیگا جیهانیە ریز بەند دەکات کە گەشتیاران دەتوانن سەردانی بکەن، وە ناسیونال جیوگرافی بە ۲۰مین باشترین شوەن دادنیت کە گەشتیارانی جیهان گوزاری تەدا بکەن. ۳۵۰۰ شوێنەواری مژویی هەیە، لەساەی ۲۰۱۳ دا بەپەی لەکدانەوەی هەمان سەرچاوە تا ساەی ۲۰۲۵ پشبینی بە ۷ ملیەن گەشتیار دەکەن کە پەویستی بە ۲۵ هەزار کرکار دەبەت. ۱.۱ ملیارد دۆلاری ئەمەریکی سەرمایەی دەبەت. بەپەی سەرژمەریەکانی وەزارەت، لە ساەی ۲۰۱۸ زیاتر لە دوو ملەن گەشتیارهاتونەتە کوردستان،۲۰۱۹ زەر هەکشاوتر بووە. سەرەای ئەوەی عەراق لە خراپترین هەلومەرجی

سیاسی وئابووریشدایە، بەتام چژنی کریسمس و وپشووکانی سەری ساڵی ٢٠٢٠ ، نزیکەی دوو سەد هەزار کەس هاتونەتە کوردستان.

لەو ٢٧٨پرۆژەیەی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگواز بە دە ساڵی ئایندە لەمانگی تەموزی ٢٠٢٠ ووە، بەتاوکراوەتووە (پرۆژەی گەشتیاری شێخ نەهرەش ی تیا نیە). دەقاو دەق هەمان سیاسەتی ئابووری یە لە بەستەرکانی خانوبەرە،دەرمان،جگەرە...کۆنترۆڵی بزنسزمانی حزبی لە فەرمی کەمپانیاکانی کەرتی تایبەت دا. دوای تەواو بونی وەرزی سەردانی میوانکانی خاتوو ئەمەل جەلال، سەرکی گشتی دەستەی گەشتوگوزار، بەبۆنەی دەست بەکاربونیانەوە،لە ٢٤.١١ لەگەڵ کەمپەی بانکەکانی عەراقی دانیشتنیان بە پێدانی قەرزی گەشتیاری بوو. بەکورتی فەرهود کردنی ئەم کەرتە گرنگە وکردنی بە سەرچاوەی دزی و تاڵانی . حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم پاوانییەش، وەک خزمەت بە هاوڵاتیان وبڕەودان بە گەشتیاری و ڕەخساندنی هەلی کاروهەمەنگکردنی سەرچاوەکانی داهات وپێردان بە بەرهەمی ناوخۆیی پەمان دەفرۆشتەوە.

خنکاندنی گەشتوگوزار لەنەو ێکلامی ئایدیلۆژی ئاڵا " ڕۆژی ئاڵا" ،وئاین" مژوی کورد، مژووی تەریقەت و مەولاناو دەبەت کورد شانازی بکات -خەندان دیداری ئەمەل جەلال" ، نەتەوە پەرستی یەو" خەکی ناوچەی سەران شانازی دەکەن بەنەتەوە پەرستی خیانەو-سایتی گەشتوگوزاری سەران" ،" کەمپانیای ساڕژ بە گەشتوگوزار" ، وەنەی ئاڵایکی کوردستان لەدەستەک وچەکەکی کاشینکۆفکی قەنداخداری بەدەستی سەربازکەوە بەرزکردەتەوە، لە باکگراوندی پێجەکەی خەی دیزاین کردووە. پەکردنی ناوەندە وبنکەکانی گەشتیاری بە هەواسینی وەنەی پەشەوا بەنەو گوللە نەبەو یاتاخەکانەوە، تەنها نەخوەندەواری و نەناسین نادات، بەکە ئامانج لەگرتنی هاوڵاتیانی نەە خەیی یە.
ببورن، جارە هەر لەسەر پرۆژەی گەشتیاری دەمنم، یەکەک لە هەرە کارە گرنگەکانی بواری گەشتیاری، ناسینی پەکهاتە، میزاج، زەوق ، پەداویستی یەکان و بودجەی گەشتیارانە. ئەم تەشخیسە، کلیلی کاری وەزارەت ودامەزراوەکانی گەشت وگوزاییە. بە گشتی گەشتیاری ئەم ساڵانەی دوایی لە ئاستی جیهاندا، دوو پەویستی گرنگ کە وەزارەتی گەشتوگوزارلە بەرنامەی تەنانەت دەساڕشدا داینانەوە: خزمەتگوزاریە دجیتاییەکان وپەست ودابینکردنی هەیکانی هات وچەی حکومی یە. دووە؛ دامەزراندنی سیستەمی بانکی وئاسانکاری بە گەشتیاران بە کارتی بانکی وئاوگەری دراو لە شونە

گشتیاریەکاندا. گرنگترین پەداویستی یە سەرتایی ناچاریەکان لە پشخستنی کەرتی گشتیاری دا. " بابەتی" بوون بەم مانایە دێت. پرسی "شەفافیەت" وەک دەسیەی رۆژنامەنوسە تیرۆرکراوەکان لە" پکهێنانی لیژنە" داو "متمانەی تەواویشدا " ەک وەک دابینکردنی موچەو چاکسازی یە.
کەرتی گشتیاری لە کوردستان، هەم گەندەڵی تا سەر مخ ەچووە، وە لە نەو کلتوورەکی خەکی دواکەوتواندا دەرفەتی هەڵدانی گەورەی لە کیس داوە. بەهەام پەدەچێت بەهایەکی نەگبەت تری لە ژێر کۆژاوەکەیدا شاردبێتەوە.

گەشتی ەش ، گەشتیاری ەش

گەشتیاری ەش، دیاردەیەکی نوێ یە وبەم ساڵانەی دوایی پەیدا بوو، بەشەکی زۆر کەمی گەشتیاری پێکدەهێنێت، نمونە ئەو کەسانەی سەردانی دەڵی خۆکوشتنەکان لە یابان دەکەن، یان قەسابخانەکانی رواندا کە لەنزیکەو لاشەی ئەو کوشتارگایانە ببینن لە نەو ماەکانیاندا بەکەمەک کوژراون و ئەو هاوارانەی کە هەشتا دەمیان کراوەن، یان ئەو کەرپانەی کە دەستیان پەهێنراوە … لەڕدا خودی گەشتیارەکە " ەش " نیە. بەهەام لە پرۆژەکەی خاتوو ئەمەل جەلال دا" گەشتیارەکە" لە هاوڕێگەی بەرژەوەندی گەشتیاریەوە" ەشە"،وە " زیانبەخشە". گەشتیاری ئایینی بە سەردەمەکانی چەرخی ناوەراست دەگەڕێتەوە. کەسانەک تەرکی دونیا بکەن وخەڵوەتگیری بکەن، پەخاوس و حەی حەی شیرو تەلا لەیەکدی بدەن و خەنجەر لەسەر یەک بچڕێنن، دیمەنەکی دڵگیرو ەمانسی نین. وەک مرۆڤیش، بەزەوقترین وهەژارترین وکەەترین بەش لەکەمەگا پێکدەهینن. بەهیچ جەرەک ئەم موریدو سۆفی وخەلیفانە،لە حسابی گەشتیاریدا سەرمایەگوزاری لەسەر ناکرێت. تەواو بە پێچەوانەوە، شوناسی کلتوری ناوچەکە دەوشێنە و شاری سلەمانی لە ناوبانگی دادبەهێنێت. گەشتیاری کە چرای سەرچاوەی هەمەەنگی ژیان وبەخشینەوەی بەختەوەری ومەدەنیەتە بە ماوەیەکی یەکجار زۆر لە سلەمانی دەکوژێتەوە. سفرخوەندنەوەی بە هەەدان وبەرەوپشەوەچوونی گەشتیاری کردووە.

ئامانج لە پرۆژەی " مەرکەزی تەسەوف"، لە سلەمانی چیە؟

لەمانگی ۷ دا ، نێتی عەرەبی کەناڵی رووداو، ەاپەرتەکی شیکاری لەگەڵ وەرگەانی چەند بەش لە وتارەکی واشنتەن پەستی ساڵی ۲۰۱۹ لە مەڵ شێخ نەهرە باوکردووە. پەردەی لەسەر بەشەک لە تموحە سیاسی وئابووریەکانی ستراتیژیە هاوبەشەکانی شێخ وئەمریکا هەدا

بوون. بنەماڵەی شێخ نەهرە، هاوکاری لە مێژینەیان بە دەزگا سیخوڕیە هەرە حەساسەکان کردووە.شێخ نەهرە، لەزانە لە یاریکردنی وەرەقە ئایینیەکان و تەکنیکردنیان بۆیەکتر دەتوانێت ئاو ببینێ، ئاڵگۆڕێک لەچەشنی ئاوەی لە پاکستان هەیە، بە ناوچەکەمان پێشبینی لەبکەین.
لەگەرمەی پرسەی شێخ موحەمەد کەسنەزانی، باوکی نەهرەدا، ماڵپەڕی جەزیرە پرسیار لەیەکێک لەکادیرەوانی سیاسی کوردستان دەکات: ئایا ئاگری گۆڕینی تاریقەتی کەسنەزانی لە ئایدیۆلۆژیەکی دینی یەوە بە ڕووتک یان کەمێکی سیاسی هەیە کە سەرکی نوێی بیعەت پەدراوڵە پاشخانێکی سیاسی وبازرگانی بەهرەمەندە؟. سەران سۆکانی ئەم ئاگرە بەدوور دەبینێت، سەیرای بەرژەوەندیە سیاسی وبازرگانی وشەخسیەکانی خۆیشی کە هەیەتی).
وتارە هاوبەشەکەی ئاراس فەتاح-مەریوان وریا قانع لە سایتی دڕۆ، دیاردەی پەیدابوونی شێخ نەهرە، بە هەمان میتۆدی یان بە لێکدانەوەی مۆدیلی حزبی کوردی بکارهێناوە. بکارهێنانی پاگەی خەزانی و میراتی سەرمایەی ئەمزی بە بزنسی سیاسەت و دەسەڵات. ئەم مەرجەعیەتە ئایینی یە، گەشە دەکات بە پشکی کەمپانیای دەسەڵاتی سیاسی تا مانەپاڵی سەرمایە لە کەرتی گەشتیاری بکات. بە بڕوونی من ئەمانیش مەترسیە جددیەکانیان لە خەڵک شاردەتەوە.
ئەوانیش وەک هاوبەشکی بەرەی دژە شەڕش، دژە ئاوگۆڕی ئادیکاڵ لە دەسەڵاتداریەتی پەردەپۆشکردووە. ئاخنەی ئەم دوو نوسەرە کە تەعبیر لە ئەپۆزسیۆنەکانی نێو بزوتنەوەی گۆران دەکەن، هەمان ئاو ئاخنانەیە کە لەحزبەکان هەیانە و وەک موئیەد ئەحمەدیش لەچاوپکەوتنکدا دەڵێت، ئاگڕ بارگایان هەبوایە ئاشنبیران، بەدنیەیەوە لەلایەن لاوانەوە دەسوتێنران.
سەردانی شیخ نەهرە بۆ لای نێچیرڤان بارزانی، بۆپەی ئاو ئاگیاندنەی سەرکایەتی هەرێم بەاوکرایەوە، پشتیوانی وهاوکاری بۆ سەرخستنی بەستنی کۆنفرانسی سۆفیگەری دەکات. لە ساڵیادی سلێمانی قاسمیانیدا ئاڕیوار کەریم وڵی سۆفیەکی بازرگانی سەرنەکەوتووی پەستی سەرک کەماری عیراق کەشف کردووە، سەرنجاکێش تیایا لەمە شێخ نەهرە دەنوسێت پەدێچیت: ئیتفاقکی- ئەمریکی- ئیرانی- پارتی- سونە لەسەر شێخ هەبەت. سوچک لە دیاردەکە ئونتر دەکاتەوە،چرای سەوزی سەرک نێچیر تیا بەرزکردەتەوە، بەڵام ئاشکرایە، پارتی تەحەمولی شێخ نەهرە لە هەوڵەر ناکات.
هیچ بنەیەک بۆ خەم خواردنمان لە پەیدابوونی مونافسکی نەخوازراو بۆ بزنسەکی شاسوار عەبدولواحید نابینمەوە.

پلانەکە گەورەتر لە تەریقەت

بنەماڵەی شێخانی کەسنەزان، لە ڕۆگەی پەیوەندی شەخسی لەگەڵ عزەت دوری وحزبی بەعس ووەزارەتەکانی (مەجلیس تەشریعی)ئەوسادا،لەکاتی شەڕی عێراق/ئێران و لەکارەساتی ئەنفالدا مەڕیەکی بەکاری براوی ئژەمی بەعس بووون. بە دە زگا سیخوڕی و هەواڵگریی مەترسیدارینەکانی ئەمنی ناوچەیی وموخابەراتی ئەمریکیدا،تەنانەت لە گەڵ شوفینیەکانی سونەشدا بەهەزار پێت بەستراونەتەوە.
هەر چەند لە تەقەکەرانی تەکیەی کەسنەزانی، شێخ نەهرە خێش بوو، بەڵام لەوەڵامی ڕۆخنەگرانی ئازادیخوازدا، هستریکانە دەیوت " ئەو نەفامانە تەناگەن چ زەمین لەرزەیەک هەیداوە."
ئەم پرۆژەیە، گەورەتر لە خودی شێخ نەهرەش. چەشتلێنەرەکان ئەم شەربایە لە مەتبەخێکی تردا ئامادە دەکەن. ئەم دیاردەیە وا دەردەکەوێت، هاوسەنگی ڕاگرتن بێت لەنێوان ئێران -ئەمریکا و دروستکردنی هەوتەکی سیاسی-ئایدیۆلۆژی ئیسلامی سونی کە یەکێتی لەڕگایەوە سیەکی بە پەیدا ببێت. بەڵام لە بنەڕەتدا، ئەرکە سەرەکیەکەی دامەزراندنەوەی دەسەڵاتە لەئاستی عێراقدا وقایمکردنەوەی پایەکانی دەوڵەتە لەبەرامبەر شەڕشی لاوان وخەڵکی هەژاردا. داسەپاندنی سیاسەتی نیولیبرالیزمی فەرهودچی تەنها ئەم بەچووانە دەتوانێت بتروکێنێ. ئەم سیاسەتە چ بەزەری چەک وشەڵ، چ بە هەبژاردن وڕۆگای پەرلەمانی، وەها ئاساستە کراون.

پوچەڵکردنەوەیان بەرتەسکردنەوەی پلانەکە:

١- ئەم پرۆژەیە، گورزێکی کوشندە لە کەرتی گەشتوگوزار دەدات. ناوچەی سلەمانی بەتایبەت بە ماوەیەکی زەر لەژێرئازاری شەواندنی ناوبانگیدا دەنێج دەدات. لە ڕووی پیشەسازی گەشتیاریشەوە، هەڵبەتە یەکجار کوشندەیە وباجی یەکجار گەورەی هەیە. لەباشترین حاڵەتی بەکارهێنانی گەشتیاریدا، شاری سلەمانی دەبێتە موگناتیسی کەشکردنی کەبونەوەی خراپترین گەشتیاری دەوانەو پێخاوس ودەفیدەرو زەرگ وشەن. بەڵام سەرەکی گشتی دەستەی سەرکایەتی گەشت وگوزار، ئاگەر دەستناکەشیتەوە لەسەر ئەم سیاسەتە نابەرپرسانەیەت، لانی کەم دەست لەم پلانە کۆنەپەرستانەیە هەڵبگرێت.

٢- بەڵام زۆر شوان محەمەد لە بەدواداچوونیدا بۆ ساخکردنەوەی راستی پەدانی زەوی بە نەهرە موحەمەد کەسنەزانیدا بۆ ئاکامە گەیشتووە، تا ئێستا پەی نەدراوە.(وتاری لە سایتی سپەدە). لە جوانترین ناوچە گەشتیاریەکان، لە پەشوازی و جامخانەی پەشەنگای شاردا،

پەدانی دەیان دانم زەوی وەزارەتی شارەوانی بە شێخ نەهرە،شەمزاری یەبە دەسەڵاتدارانی سلەمانی. ئەگەر تەواوی دەزگا فەرمیەکانی حکومەتی سلەمانیش بە سەرجەم حزبەکانەوە لە گەڵ پلانەکەی شێخ نەهرەش بن، ئەوا خەڵکی کوردستان و بەتایبەت سلەمانی لە پرۆژەیەکی وەها چارەنوسازو پەیایخی موستقبەلیدا ، نابێت بەدەنگی هەبژێرن، پوچەڵکردنەوەی ئەم پلانە، شایانی تەکەشانی گەورەیە. لانی کەم خەڵک لە هەگبەی هەوەدان بە هەڵدکردنەوە بە شەوازی جەراوجەر لەوانە سازدانی هاپرسی گشتی و گوشار هێنان بە دەسەڵات بە سازدانی هاپرسیەکە و ڕەدکردنەوەی پرۆژەکە.

٣- قوتکردنەوەی شێخ نەهرە،سیناریۆو شانۆگەریی کانی، نمایش وخوێندنەکانی، ئاماژەکردن و ژەهراوکردنی ژینگەی سیاسی عەراق وکوردستانە بە کۆنەپەرستترین ئالتەرناتیف. خەڵکی کوردستان وعەراق وناوچەکە بەرگەی هەوتەکی کۆنەپەرستی پەپلیستی هاستەویتر ناگرن. بنەماڵەی شێخانی کەسنەزان، مێژوییەکی تاوانکارییان هەیە وهێندە بەس خەیان لەشانەی سیاسی ودەسەڵات لەکەڵ خەڵکەکەی ببنەوە.

جەمال کەشش ١٠/١/٢٠٢١

کاری ڕەکلامی هونەری کاریکاتێر- بەشی -2- کۆتایی.. هەندێن خەشناو

ڕەکلام خەی لە خەیدا بوتە شتەکی پەویست بە ڕەژنامەگەریی، پشتگیرییەکی دارایی بە دابین دەکات بە بەردەوامبوون و پەشکەوتن، سەرەڕای بوونی تەبینیەکی زەر لەسەر ئەو ڕەکلامانەی لە ڕەژنامەکاندا بەاودەکرێنەوە، بەام لە حاەتی پابەندبوونی وەشانکارەکانی ڕەکلامەکان بە ئیتیك و هەوشتی ڕەکلام، ئەم تەبینیانە راست نابن، بوونی ڕەکلام لە ڕەژنامەکاندا بوونەکی شەرعیە، چونکە ڕەژنامەگەریی ئامرازەکی پەیوەندی بنەەتییە لە نێوان مرۆقاندا، بەیە ئەوانەی ئەو کاا بازرگانیانە بەرهەمدەنن، مافی ئاگادارکردنەوەی خەکیشیان هەیە بەو کاایانەی کە بەکاریاندەنن،

مافی رۆکلام کردنیشیان هەیە بۆ کاڵاکانیان بۆ دەزینەوەی رۆگایەك بۆ بەکاربەران، لەرەشدا شوێنی ئەوە نیە باسی ئەو تێبینیانە بکەین کە لەسەر رۆکلام لە رۆژنامەکاندا هەیە.

ئەمە لەرەدا بە شێوەیەکی سەرەکی باسی رۆکلامی بازرگانیمان کرد لە نێو رۆکلامەکاندا، چونکە رۆکلامی بازرگانی بە بەراورد لەگەڵ هەموو جۆرەکانی تری رۆکلامدا زیاتر پەیوەندیان بە رۆژنامەگەرییەوە هەیە، کە ئەگەر پشت بە رۆژنامەگەریشەوە ببەستن، ئەوا بە شێوەیەکی سادە دەبێت، زۆرجاریش هەر هەمان شێوازی بازرگانی دەبێت، بۆ نمونە رۆکلامی شانۆیی لە رۆژنامەگەریدا ئەگەر بە شێوەی هەواڵ نەبێت، ئەوا جیاوازیەکی ئەوتۆی نابێت لەگەڵ رۆکلامکردن بۆ کاڵایەك، ئامانج تێیدا بڕەودان و بازاڕگەرمییە بۆ شانۆکە، لە ڕێی بەکارهێنانی چەندین شێوازی جۆراوجۆرەوە، وەکو بەکارهێنانی پاڵەوانی شانۆکە و ناوی نووسەرەکە و سیفەت و چاکەکانی شانۆکە (کۆمیدی، گاڵتەجاڕی، ڕەخنەکاری، مۆژوویی ..هتد)، بەمەش رۆکلامەکە مەبەستی بڕەودانە بە فرۆشتنی پلیتی چوونەژوورەوە بۆ شانۆکە، بۆیە رۆکلامێکی بازرگانیە، هەر رۆکلامێکیش سیفەتی هەواڵی رۆژنامەوانی نەبێت، ئەوا رۆکلامێکی بازرگانیە، تەنیا ئەگەر رۆکلامێکی پزیشکی بۆ کوتان دژی نەخۆشیەك هەاوێژکەین، یان رۆکلامی ڕێنماییەکانی خۆپاراستن لە نەخۆشیەکی دیارکراو، ئەمانە ناتوانرێت بە رۆکلامی بازرگانی دابنرێن، چونکە بۆ بڕەودان و بازاڕگەرمی نیە، بەڵکو بۆ بانگهێشتکردن و ئاگادارکردنەوە و وریاکردنەوەیە، هیچ هۆیەکی بازرگانی یان وەبەرهێنانی لەدواوە نیە، هەتا ئەم جۆرە رۆکلامانەش دەتوانین باسی ڕێی کاریکاتێریان لە نێودا بکەین، چونکە لە ووی ناوەڕۆکەوە جیاوازی لەگەڵ رۆکلامەکانی دیکەدا نیە، لە گەیشتن بە زۆرترین ژمارەی خوێنەرانەوە، لە ووی خواستیشەوە بۆ بەدیهێنانی کاریگەرییەکی زۆر، بۆیە بەکارهێنانی کاریکاتێر تێیدا زۆر پێویستە لە زۆر حاڵەتدا، لەبەر هەمان ئەو هۆیانەی کە پێشتر باسمان کرد لە رۆکلامی بازرگانیدا، بۆیە پێمانوایە کە پێویست ناکات بە شێوەیەکی تایبەت قسە لەسەر رۆکلامی پزیشکی و جۆرەکانی تری رۆکلام کردندا بکەین، چونکە پێویستی بە کاریکاتێر لە هەموویاندا وەکو یەك وایە.

چیرۆکی شەش، یا شایەتیەک بۆ ئاستی کۆپیتاڵی مارکس..

عبدالرحمن محمد

زۆرێک لە و جل و بەرگانەی کە ئافرەتان لە سەرما و گەرما دەمانپارێزێت، کە خەمانی پێ دەنەخشێنین و خەمانی پێ نمایش دەکەین لە بەنەکانەدا، بە نرخێکی گونجاو و و هەرزان، لە مارکێت و بازاڕەکانی ئەوروپادا، ئەگەر بەرگدووریەکی ناوخۆ لە پاریس و ئەمستردام و لەندەن بیدوورن، کرێی دووریەکەی دەیان جار زیاتر دەبێت لە نرخ و بەهای مەتریاڵ و کرێی دووریەکەیی و کرێی گواستنەوەکەی لە ووڵاتی بەنگلادیشەوە تا دەگاتە دەستمان!؟، بەڵێ، نهێنی ئەم هەرزانی شت و مەکانە لە کوێدایە؟ ئایا خێرخوازێک بەمان دەنێرێت و دەیەت با لە بەفر و بەستەڵەکانی نەرویچ و فنلەندا بیانپارێزم! یا بە زۆرە ملێ ولێ بەرامبەر کرێیەکی کەمدا و کاتی کارەکی درێژدا، خاتوو ئەشما لە ووڵاتی بەنگلادیش بەمان دەدورێت؟!!! با پێکەوە چیرۆکی خاتوو ئەشما بخوێنینەوە و تا بزانین، چ دەستکی ماندوو، چ سکێکی برسی، بەمانی ئامادە دەکات.

خاتوو ئەشما دوایی ١٧ حەڤدە ئافرەت لە ژێر دار و بەردی کارگەیەکی جل دووریندا بە زیندووی دەرهێنرا، کە ووخابوو بە سەریاندا و خشبەختانە ئەم نەمردبوو!لە دوایی ئەم حەڤدە ئافرەتە، یەکسەر و بە دواکەوتن و لە یەکەم ئافرەتدا، بە ئەوەی پشوویەک بدات و کەمێک بتەوە هەشی خۆی، کارگە بیاری دابوو دەبێت بگەڕێتەوە سەر کار!؟

ئەم ١٧ حەڤدە ئافرەتەی کە لە ژێر ئەو کارگە ئوخاوەدا بوون و ماوەتەوە، بە مەبەست یا پشوو بۆی دانرا ، بەڵام پشوویەک، کە کارگە بە فەرمی نەیدابوو، بۆیە دەبێت، لە بەرامبەردا پارەی ئەو حەڤدە ئافرەتە لە ئافرەتانەکەی بگەڕێنرێتەوە بە کارگەکە!؟ چونکە بە گوێرەی زمانحاڵەکی کارگەکە، ئەشما هەشتا نەگەیشتۆتە ئەوەی کە مافی مەبەستی وای هەبێت، چونکە بیست ٢٠ ساڵی تەواو نەکردووە لەو کارگەیە!؟ مەبەستی ١٧ حەڤدە ئافرەتە لە دوایی بیست ساڵ کارکردنەوە دەست پێ دەکات!؟

خاتوو ئەشما، بە ئەمبوڵانس(ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن) گوازرایەوە بۆ هشتیەک یا بەشکی تری کارگەکە، تا وەکو ٦ شەش کاتژمێری زیاتر کار بکات وەک دووەم کار، بە دانووەی ئەو بڕە پارەیی کە کارگە

کردویەتیە ماف لە سەری بەرامبەر ئەو ١٧ حەقدە ژنە، کەواتە خاتوو ئێشما دەبێت ٢٢ بیست ودوو کاتژمێر کار بکات بەرامبەر ٢٢ بیست و دوو سەنت(١ یەک دۆلار ١٠٠ سەد سەنتە)، بە دانووی ئەو چەند ژنەی کە لە ژێر دارو پەردووی کارگە ڕوخاوەکەدا بوو!؟
خاتوو ئێشما، هەشتا خۆشحاڵ و سوپاسگوزارە، کە ئەو کاتیان پێداووە بە کاری دووەم، تا قەرزی ئەو ١٧ ژنەی ژێر ڕوخاوەکەی پێ بداتەوە!؟ یەکێک لە بەڕێوەبەرایەتی کارگەکە دەڵێیت: خاتوو ئێشما، خۆی یاسا و ئاسایی کارگەکەی دەزانی، ئەگەر بە بە مەبەست نەیەتە سەر کار، دەبێت بیبژێریت ئەو ژنانە!؟
بە گاڵتەجارییەوە، ئێشما، لە ژێر دار و پەردووی کارگە ڕووخاوەکەدا، کەمترین بریندارى و ئازارى هەبوو، لەوەیی کە ئێستا لە کاتی کارکردنیدا هەیەتی! ئەمە ووتەی یەکێک لە بەرگدرووەکانی کارگەکەیە، کە لە کۆنفرانسێکی تەلەفزیۆنی ناووخۆیی بەنگلادیشیەوە گووتبووی، وە هەروەها دەڵێیت: خاتوو ئێشما لەو ١٧ ژنەدا تەنها بە دەبە ئاوی نەوو ئەو داروو پەردووی نەوو کارگەکەدا کە لە ژێریدا بوو، ژیاوەو و لە گەڵ، خواردنی نیوو کەپشتی ئەو هاوڕێیەی کە مردبوو لە کاتیی ڕوخانی کارگەکە بە سەریانداا!؟
پێکەنیناویترینیان، ئێشما تاوانبار کرا بە دزی کردن و دەستدرێژی کردنە سەر ماڵی خەڵکی،، ئەو ١٧ ژنە لە ژێر ئەو کارگە ڕوخاوەدا!، بە پێی یاسا دەبێت قەرەبووی ئەو خواردنانە بداتەوە بە کەس و کاری هاوڕێ مردووەکەی، کە لە کەپشتی هاوڕێ مردووەکێیدا خواردبووی!؟ هەروەها ئەو دەبە ئاوانەی کە لە نەوو ڕووخاوەکەدا بوو، یاسا دەڵێیت: ئەگەر چاوپۆشی لەم جۆرە دزیانە بکەین، کەمەگای بەنگلادیشی بەرە و داوخان و بە یاسایی دەزوات!؟
ئەی هاوار، خە من پارەی خەپارەزی دەدەم، بە کەمپانیایی رزگارکردنەکەم داوایی پارەی کاری ڕزگارکردنەکەم لە دەکەن، بەڵام، چونکە بە فەرمی مەبەستی نیە، دەبێت ئەویش لە سەر خۆی بێت، کەمپانیا پەیوەندی بەو کارەوە نیە!؟
لە کۆتاییدا، خاتوو ئێشما دەڵێیت؛ من زۆر بەزار و دڵتەنگ بووم، بەووەی کە کەوتومەتە نەوو تەڵەکەووە، کە کۆتایەکەیی هەر مەرگە بەو هەموو پارەیەی کە لە سەرم نووسراوە و دەبێت بیدەمەوە، بەڵام کەشف نیە من دەبێت ئەژئاوا لە و وەهمە یا ئەو خەیاڵە ڕزگار بکەم، کە بە خەڵکانی خۆیان دروستیان کردووە، کە هەڵئاوسانی ئابووری یا (تەزخوم) نیە لە وەتەکانیاندا، کاتێک من ئەو هەموو جل و بەرگە هەرزانانەیان بە دەدوورم و بۆیان دەنێرم.

عبدالرحمن محمد(مەلا ڕەحمان ئاوارەکان)

13/01/2021

azzady22@gmail.com

کتێبی : چیاکانی ئازادی.. نوسینی دکتۆر شوان جافر

پانۆرامای نوسینی شانۆیی کوردی عێراق
نوسینی دکتۆر شوان جافر
لەم مانگی دووەدا خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی فەرەنسی لە پاریس (ئیسپاس دان ئنستان)
L’ESPACE D’UN INSTANT
کتێبی (چیاکانی ئازادی – پانۆرامای نوسینی شانۆیی کوردی-عێراق) بالاو کردەوە . ئەم پەرتوکە پێک هاتووە لە شەش شانۆنامە کە دکتۆر شوان چافر لە کوردیەوە وەریگێراون بۆ زمانی فەرەنسی . لە تەی 248 لاپەرە دا ئەم شانۆنامانە دەبینین :
1- (مەم و زین) نوسینی ئەحمەدی خانی و ئامادەکردنی بۆ شانۆ : تەلعەت سامان .
2- (مینا – شازادەی باران) نوسینی : ئەحمەد سالار
3- (کاردۆ – بەندی و شێتخانە) نوسینی : کەمال هەنجیرە .
4 – (ئازادی … مرۆڤی کورد) نوسینی : د. شوان چافر .
5 – (وەرانە) نوسینی : کامەران رەوف .
6 – (سەبەرکانی بەغداد) نوسین : د. شوان چافر .
ئەوەی شایانی باسە ئەمە یەکەم جارە بەرهەمی شانۆنامەی کوردی وەردەگیرێن بۆ زمانی فەرەنسی بەر لەم کتێبە تاوەک ئێستا هیچ بلاوکراوەیەکی شانۆنامەی کوردی بۆ زمانی فەرەنسی نیە . سێ شانۆنامە لەم شەشە دا پێشتر لە پاریس نمایشکراون هەر بۆ زمانێ فەرەنسی لەگەڵ ئەکتەری فەرەنسی لەسەر چەند سەکۆیەکی شانۆی پاریس یان لە چەند شانۆیەکی تری فەرەنسا لە دەرهێنانی شوان جافر خۆی پێشکەش کراوون و رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفیزیۆنی فەرەنسی ئاماژەی بۆ کردوون . .
ئێستا لە کتێبخانەکان و پەرتووک فرۆشکانی فەرەنسا و وولاتە فرانکۆفۆنەکان (ئەوانەی کە بەفەرەنسی قسە دەکەن) بەاوکراوەتەوە .

لە هەمان کاتدا لە دوو رادیۆی فەرەنسی باسی لەسەر کراوە .
لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە لە ژێر ناونیشانەکەی تابلۆیەکی هونەرمەندی کەچکردوو (سەروەت سەوز) ی لەسەر کەشراوە ، وە لە بەرگی چوارەم نووسراوە :
وێنەی کوردەکان لە لای رۆژئاواییەکان بریتیە لەو میلەتەی کە تویەنی ئازادیە و خۆی بە چیاکانیەوە هەلواسیوە کە تە نها پاپشتیەتی .
ئەم چەند دەقانە هەوڵدەدەن کە وێنەیەکی دی ئەم میلەتە ببەخشن بە خوێنەرانی ئەوروپی . شانۆی کوردی کە رەنگین بووە بە فەرهەنگی عەرەبی و فارسی و تورکی و بەنکی تایبەتی و نهێنی خۆی هەیە .
ئاوێنەیەکە کە واقعی میلەتێک دەخاتە روو . شانۆیەک کە بەتە سکەیەک بە پاراستنی ناسنامەیەک کە لە مەترسیدایە .
وە لە خوار ئەم چەند دیرە ناوی شانۆنامەکان و نوسەرەکان دیاریکراوە ، پاشان کورتەیەک لە ژیاننامەی دکتۆر شوان جافر . وە ناوی (سەروەت سەوز)یش دیارکراوە وەک خاوەنی ئەو تابلۆیە .
لە سەرەتای کتێبەکە دا باس لەوە کراوە کە چۆن و بە چ هەیەک ئەم شانۆ نامانە هەبژێراوون ؟ وە وەرگێراوون بە فەرەنسی ؟ مەبەستی وەرگێر چی بووە ؟ وە بەرهەمکانی داهاتوو چی دەبن بە وەرگێران؟
بە شێوەیەکی گشتی خوێندنەوەی کورد تا رادەیەک بەرهەمی زۆر لە نووسەرە فەرەنسیەکان دەناسن ، ئەگەر نەشیان خوێندبنەوە ، بەڵام ئایا فەرەنسی زمانەکان چ بەرهەمێکی ئەدەبی کوردی دەناسن ؟

نرخی ئەم کتێبە 19٠(نۆزدە) ئیرۆیە وە دەتوانن لە سەر سایتی (ئەمازۆن) یان ئەم سایتەی خوارەوە داوای بکەن.

https://sildav.org/editions-lespace-dun-instant/catalogue/product/280-les-montagnes-de-la-liberte

---

بۆیانی باش.. سەردار جاف

سپێدەیە و
لە نەو تەمی غوربەتی ئەم تەمەنەدا
ئاونگێکی سەر لە شەواو و بە نەوام
لە گەمەی گەڵای گوڵەوە

دەچمە سەراغ و بەستەک
بەمە درەختی پە سەبەر
بە پشوو هانای بە بەام
ئاای لە وەاتی بەفرستان
کوا یا من نەمدیوە هەشتا
خەر لە ئامەزی نیگا بە و
جەستەمانیش بپروکێنە
گە و تینی بە بن سەبەرمان پەلکەشکا
وا ساەکە سەفەر بارگەی لوولدراوە
لەفتهانزایش ناوی منی نەنوسیوە
بە دیدارت زامکی قووم سارژکا
پەنجەرەکانم واەایە
سەرەتاتکەی چەلەکەکان
بووە چرپەی
قاوەتی و ماچ گەینەوە
من و نەسیم و چەلەکە
بووینە کەوە بەفرک و
بە بای کزە
خزاینە ئامەزی شەختە و ناتوینەوە
ئەم سپەدە
لە گوەسبانەی رەحەوە
تارای سپی پەشی زەوی و ئاسمانی تەم
تابلەیەکی نهەنیە
بە بەر نیگای کەمانا دە
خەیاەدانم شپرزەیە
کە وەنای بەر گاردرەین و
خرمژنی ئاوەدانیت بە گوەما دە
نها دەم داوە بە با
لە گەە شنەی بەیانیا بە تە بگا
بەیانیت باش
هەی ئەفسونتر لە ڤینەس و
ئەی جوانتر لە جوەەی ماری و
هەی لەنجەتر لە کەەوەی کاتی سەبا

وانینێک بۆ ئەدەبیاتی منداڵان.. نووسینی: ڕەستەم خامۆش

ئەدەبیاتی منداڵان، تەپکی بەرز وانینە بۆ کایەکانی دیکەی ژیان بەشێوەیەکی جوانتر، ئەدەبیاتی منداڵان، واتە: شیعر و چیرۆک و ئەپارەت و هەموو ئەو ژانرە ئەدەبیانەی، کە لانێو بازنەی ئەدەبیاتی منداڵاندا جێیان دەبێتەوە، واتە: هەموو ئەو پێیقە ناسک و جوان و بەنخەشانەن، کە خەیان دەخزێننە نێو ماڵی شیعر و چیرۆکەوە بۆ زمانێکی ئاسان و بۆ گرۆ و شیرین و پاراو و سادە دەنووسرێن بۆ منداڵان، بۆیە ئەدەبیاتی منداڵان، واتە: جیهانێکی پاک و پۆ لە ئاوین و خۆشویستی، پۆ لە خەون و خۆزگە و خەیاڵی منداڵانە، ئەدەبیاتی منداڵان، گۆستانێکی تژیی لە خونچەو گوڵ و چۆ و گۆمایە، کە هەزاران پەپووڵەو باڵندەی نەخشینی تێدا دەبینرێن، دارستانێکە هەمیشە سەوز، کە بۆ ئەژمار باڵندەی دەنگخۆش نەغمەو گۆرانی تێدا دەچڕن، جگە لە چڕ و شادی و کەیف وگرتن هیچی تری لە نیە.

بەیە دەڵێم دەبێ شیعر، کە بەشێکی بەرچاوە لە ئەدەبیاتی منداڵان، لە ڕووی ڕووخسارەوە جوان و قەشەنگ و ڕەنگ دەرکەوە، وە لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە هەڵگری پەیامێک بێ و مانابەخش و پڕ مۆسیقا و ئاوازی بەجێش بێ، کە منداڵ هەم سوودی لە وەربگرێ و هەم چێژی پێ ببەخشێ، هەتا بکرێ شیعر بۆ منداڵان وا باشترە کورت و پوخت و واتادار و دەڕەکانی کەم بێ و بۆگەی کورت بێ. وەلێ ئەفسووس، ڕەنگە زۆر کەس وابزانن، یان وا تێبگەن، کە نووسین بۆ منداڵ زۆر ئاسانەو هەندێ مەرج و یاسای قورسی نیە، وەلێ پێچەوانەکەی ڕاستە و دروستە و تەواوە، کە ئەو ئەدەبیاتە ئەوەندە سەخت و دژوارە، کەم کەس دەتوانێ بەرەو ڕووی لوتکەی بەرز و باڵای هەنگاو بنێ و پێیدا هەڵبزنێ، چونکە لە ئەدەبیاتی منداڵاندا ئەوەی دەنووسرێ بۆ کەسانێکە، کە ئێستا منداڵن و بەڵام ڕۆژبەڕۆژ تەمەنیان هەڵدەکشێ و گەورە دەبن و دەبن بە تاکەکەسی پێگەیشتوو لەنێو کۆمەڵگەدا، بۆیە دەبێ بزانرێ کە چی و چۆنیان بۆ بنووسرێ، چونکە منداڵانی ئەمڕۆ،

گۆرەکانی ئایندەن، بەڵاستی ئەگەر بمانەوێ کەمەگەیەکی هۆشنبیر و پێشکەوتووبین، دەبێ لە منداڵەوە دەست پێبکەین.

جا ئەدەبیاتی منداڵان هەندێ گرنگ و بایەخدارە، کە زۆر لە شارەزا و لێکەرەر و شاعیر و دەسەزانی ئەو بوارە باسیان لێوە کردووە، وەکو شاعیری ناسراوی بولگاری "ران بوسلیک" دەڵێ: (ئەدەب بە منداڵان، وەکو شیری دایک و هەوای پاک وایە، کە پێویستە هەبن)، بەڵام بە دنیاییەوە نووسین بە منداڵان زۆر پێویستە، بەڵام وردەکاری و لێزانی و کەسی تایبەتمەندی خۆی دەوێ و کەم کەس دەتوانێ دەستی بە ببا، چونکە شارەزاییەکی باشی پێویستە بە ئەوەی شاعیران و نووسەرانی ئەو بوارە سەرکەوتنی تێدا بەدەست بهێنن، وە دەبێ بەڵاستی منداڵناس بن و لایەنی پەروەردەیی و دەروونناسی لەبەر چاو بگرن، وە خۆشەویستییەکی زۆریان بە منداڵان هەبێ و هێندەی گیان و دڵ و سەمای چاوی خۆیان خۆشیان بوێن، چونکە خۆشەویستی بناغەی ڕاستی و پتەویی هەموو کارێکە، بەبێ ئەوانەی منداڵیان خۆشدەوێ و کار بۆ خزمەتی منداڵان دەکەن، بەشک دەسەزی گڵ و خاک و زمانی نەتەوەکەیانن، وە خەمخۆری نیشتمان و وڵاتن، دڵیانەوە هۆگەی مرۆڤایەتی بۆ ژیان، هۆگەی جوانیی و هۆشنایی و دەستایەتی بێ، وە کار بۆ ئەستا و داهاتووی نەوەیەکی ڕاستگۆ و دەستپاک و ئەمانەتپارێز دەکەن.
بەبێ زۆر زەحمەت هەموو کەسێک بتوانێ لە گۆڕەپانی ئەدەبیاتی منداڵاندا ئەسپی خۆی تێدا تاو بدات و براوەو سەرکەوتووبێ، ئەگەر ئەو تایبەتمەندییانەی تێدا نەبێ کە باسمان کردن، ئەوا بە دنیاییەوە ناتوانێ بەپێزکەیدا سەرکەوێ و دەنگ و پەیامی خۆی بگەیەنێ، چونکە نووسین بە منداڵان بەرپرسیاریەتییەکی گەورەیە بەرامبەر نەوەکانمان، وە شاعیران و چیرۆکنووسانی بواری ئەدەبیاتی منداڵان دەبێ لە شیعر و چیرۆکەکانیاندا پەیامی پەروەردەیی و چاکەخوازی و مرۆڤدۆستی و ژینگەپارێزی و بیری ئاشتیخوازی و هەستی پێکەوژیان... هتد، لە ناخیاندا بچێنن، ئەگەر بەپچەوانەی ئەوانەیان بە نووسرا، ئەوا هێک دوورە لە سروشتی ڕاستقینەی خودی منداڵ.

بەبێ دەبێ شیعر و چیرۆکی منداڵان پڕ بن لە بەها باڵاکان و هێوشتە جوانەکان، تژیی بن لە گۆشبینی و ئاوات و ئومێد و هیوا بەخشین. شیعر و چیرۆکی منداڵان دەبێ هۆگری پەیامێک بن، کە هێنگدانەوەی ناخی خۆیان بن و واتادار بن و ببنە هۆنی جوڵاندنی هزر و ئەندێشەیان، تا خۆیاڵیان فراوان بێت و چێشنی ئەو باڵندانەی، کە

ئارەزووی فەین دەکەن بۆ دوور، بۆ ئەوەی ئەوانیش فەر بن دوور دوور بفڕن، بەکو زیاتر بەوانن و بیربکەنەوە، وە جگە لە چڕ وەرگرتن، زانیاریان زیاتر بۆ لێئنجامی گشتی خیان.

باخە سرابیەکان.. شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

(1)
بەفری رەشی بیرەوەری
دایپۆشی
قرپاێی گەڵاو لقی
داری ساڵەکان
پڕەوی هەورە
لەزمە ووشە
لەسەر هەردی نیگا
دائەکا

(٢)
لە بیرەوەری با
بەلەمە شینەکانی نەو خیان
زوو تێئەپڕن
دەریاوانەکە دە
لە هەموو زەریایەکت وون
هێندەی دووری
ئەستێرەیەکیش
بۆ مانگەکی مەست
چاوەوانە
عیشق
بۆ مەرگ

(٣)
زەریا

بە گۆیدێیەک
دەروازەیەکی
بەسنور
شێپەل
دوای شێپەل
شیعری سەرگەردان
لەسەر دەی ئە نوسە
(٤)

نەتای هاتنت
نەتای ووونبوونت
وەک فەینی مەلە
وەک تنەکە ئاورینگە
زوو بیرئەچە
(٥)
یادەک
ژەی
گیتاری ەحە
بە نامەیی
دەیتەوە شارەک
ئاوەنەی لە
قەای ەوخاو
پەیکەری شکاو
بە نامەیی
تەئەوانیتە
شێپەلبردنی
گوە سەرابیەکان

.....
وەنەکە تابلۆیەکی نیگارکێشی فەنسی
Claude Oscar Monet – MEADOW WITH POPLARS

دڤی تەمەن -22- ناڵە حەسەن

▪ بەشی (بیست و دوو)

١

قەسیدەیەکی درێژ
لەسەر دیوارە کۆنەکانی مێژوو
بە ڕەنووسە گیاییەکان / نووسراوەتەوە
منیش / هەموو شەوێک دەیخوێنمەوە
پەاوپڕ
لە بەرائەت و جوانی و مرۆڤبوون
دەم لێلاتە هەولێری من …!
٢
گوڵە گیانم
من لێرەوە
لەدووری دوورەوە دەبینم
کە خەرتاو لە ئوخسارت دەدا
هەموو ڕەنگەکانت دەدرەوشێنەوە
ناخت / زەردەکی تەخ
نیگاکانت / زەردەکی کاڵ
زەردەخەنەکانت / زەردەکی زەینی
هەر دەڵێی مانگ
ڕەنگەکانی خەی لەتە دزیوە
شاجوانە ئیرەسیە قینەسیەکانیش
لەبەرامبەر ئەفسانەی جوانییەکانی تە
هەموو تەکەا / نقەیان لەخەیان بەیوە
٣
تە
بە قژی خانەیی و
نیگا ئاویەکەتەوە
بە برژانگی قەترانی و
بە گەنا سوورەکەتەوە
بە لێوی پەمەیی و
بە ددانە سپیەکەتەوە
بە ملوانکەی شین و

بە گەردنە گەنمیینکەتەوە
بە ستیانی زەرد و
بە ژەرکراسە سەوزکەتەوە
بە بازنی بەونزی و
بە نینۆکە نارنجییکەتەوە
بە مەبایلی بەرگ مەر و
بە جانتا ڕەشە ڕەیحانیکەتەوە
لە پەپوولەیەکی ڕەنگاڕەنگی ڕەنگین دەچیت
بەڕام داخەکەم
چاوەکانت پڕن
لە تاریکییەکی ڕووناک
کە کتێبە شیعرییەکانمی پەکردووە
لە هەستەکانی بەهوودەیی و
لە وشە بریندارەکانی نائومێدی …!
٤
من ڕۆحی
گەردەلوولێکی سەرشێتم
کە هێدەکەم
لەتاو ئازارەکانی دووری تۆ
هەرچییەک بێتە بەردەمم
ڕایدەماڵم و
لێنۆو خەمدا لووڵی دەدەم
یان لەتاو
نەزیفبوونی دەمارەکانی ئارامگرتنم
دوورمەبینە لە چاونوقانەکدا
بە تەکان و هاوارەکم
هەموو گەردوون ژەرەوژوورکەم …!
٥
لە نەوان خەونەکانی
من و تەدا
قەسیدەیەکی درێژ هەیە
بە وشەی
چاوبەفرمسک و خەمناک / نووسراوەتۆ
بە زمانەکانی هەموو دنیاش / دەخوێندرێتەوە
لە نەوان دڵی من و دڵی تەدا
گوڵێکی سووری گەش هەیە
بە پایزی هەموو سەدەکان

نە سیس دەبە و نەهێدەوەرە و
نەکاە دەبەتەوە
٦
گوڵباغی نەو دەزەخی عەشق
بە ئەوەی
خەمکانی تەنیایی خەمم بیرچیتەوە
دەبە تە لەیادکەم
بەئەوەی
خەمی دووریەکانی تەشم بیرچیتەوە
دەبە خەم لەیادکەم
٧
تە ئەو شکەفە شینە شلەریەی
کە لەنەو باخچەکانی
خەون و خەیاڵەکانم بە ئەبەد / دەدرەوشێەوە
یان ئەو کەسەی
هەمیشە / هەزی ئەوەم پەدەبەخشی
تابتوانم /
تەنیاییم لەگەڵ کچەنیت
تاریکی لەگەڵ ڕووناکی
تە لەگەڵ ژیان
دواجار /
شیعریش لەگەڵ نیشتیمان ئاشتکەمەوە
٨
بم خوەنەنەوە
بەزمانی باران و تریفە
مەرج نیەە / وەکو من بیربکەنەوە و
بەو ڕەگایەدا بڕۆن کە من پیایا دەڕەم
یان وەکو من
تەنیایی بکەنە پەرستگە و ماڵی خەتان
هەر بەتەنیاش بمەنەنەوە
بەس بمخوەنەنەوە و هیچیتر
٩
هەموو ژیانم کەکەیتەوە
جگە لە تە
هیچ شتەکیتری تیا نادەزیتەوە
تەش هەر لە ئەزەلەوە
لە قەسیدەیەکی درەژی خەمناک دەچووی

بەیە منیش وا (سی) ساڵە بەبەدەنگی دەتنووسمەوە
١٠
ناوەڕاستی دیسەمبەر و
پەنجەکانی غەریبیم سۆ و شینومەر هەڵگەڕاون
گەڕاوەریوەکانی خەیاڵم بۆ کەناکرێنەوە
دەم لەڵای (مناڵە ورتکەی) سەر شەقامەکانی نیشتیمانە
دەمەوێت بەڕووناکی چاوەکانی ئەوان
خەرتاوی ئومێدەکانم هەڵنگ بکەمەوە
بۆ کەد و هەمای هاوارەکانی ئەوان
هاوکێشەی بوون و نەبوونم شیبکەمەوە
لەنێو خەونە گەورەکانی ئەوانیشدا
مانایەکی نوێ
بۆ (شیعر و عەشق و ژیان) دابەژمەوە
١١
وردە ئەستێرەکان
لەنێو دیوە هوناکەکەی خەرتاو و
لەنێو قیژەی تەمە سپیەکان و بروسکە لەدایکبوون
جارجارە دەن و دەبنە میوانی زەوی
لەنێو چاوە سپیەکەی تاریکی دەمێننەوە
منیش هەموو شەوێ
چەپکە بەرئاگردانیەکانی عەشقییان بۆ دەخوێنمەوە
١٢
بەنێو زەمەنەکدا هەڵت دەبم
تیایدا کات مردووە
خەون بۆ نیشتیمانەکەوە دەبینم
هەموو هەژێ بۆ نوێژی نیوەڕۆ دەکوژرێ
لەنێو خاکی خوێنەکانم
لەهەرکوێیەک قەرتەک هەڵبکەنی
ئەسک و پرووسک دەردەکەوێ
نازانم چ مانایەک بەبوونم ببەخشم / ئەی خودا
١٣
من لە کەڵانەکانی بەدەنگیەوە هاتووم
ئەستاش لە گەڕەکەکی دەزخ
بۆ قەڵەمی هەژوویی
لەنێو دەفتەری ئاگر
چەپکە ترسناکەکانی تەنیایی خەم دەنووسمەوە
١٤

چاوکان و خونکانم
پبوون لە بفر
خشم بووم بە پیکەرکی شختەیی
چاوروانم
کچکی پاییزی لە جنسی ئاگر
لەنو تیشکەکانی خرتاوا دربکەوە و
بە هەناسە گرمکانی / بمتونتەوە
قوفلە ژنگاویەکەی درگای دم بشکنە و
لگە عشق ئاشتمکاتەوە
١٥
دەتوانن یکبیک
نینکەکانم دربهنن
لە بردم قا
ئاگر لە جستم بربدن
هرچیم هیە بیسووتنن
بس / کتبکان و شیعرکانم نا
دوای مردنیش
کە هاتنە سرگم
لە جامخانە بچکانکی پشت سرم
کتبک دربهنن و بە دنگکی نرم
شیعرکم بە بخونندەوە و هیچیتر …!

هولر
دیسمبری ٢٠٢٠

جوان یکمین کچیە لە جیهان کە پی خستە سر مانگ.. رزا شوان

جوان کچەیکی کوردە لە باشووری کوردستان. تمنی دوانگزە سا، همیشە خونی بو هیوایو دبینی کە ببت بە یکمین کچ لە هموو جیهاندا کە پی بخاتە سر مانگ. دوو

شەو بەر لە جەژنی نەورۆزی ساڵی رابردوو، مانگی تابانی گەش و جوان، بە تریفەی زەویی رووناک کردبووە. جوان بە وردی لە ماڵگی دەوانی. بیری لەوە دەکردەوە، کە لەگەڵ هەردوو براکەیدا، شڤان کە ساڵێک لە خۆی گەورەتر و دیلان ساڵێک لە خۆی بچووکتر، گشتێک بە سەر مانگ بکەن. جوان بەم خیاڵەوە نووست. خەونێکی زۆر خۆشی بینی. لە خەونەکەیدا لەگەڵ براکانی و چەند هاوڕێکیدا، خەریکی جێبەجێکردنی پرۆژەیەک بوون، بە سەر مانگ.
بە هەموویان کشتیەکی ئاسمانیان دروست کرد و ناویان لێنا (کوردستان ـ ١). کە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتبوو. بەشی یەکەم گاڵەسکەی نیشتنەوە لەسەر مانگ، ناویان لێنا (باوەگوگو) بەشی دووەم ناویان لێنا (ئامەد) شوێنی دانیشتن و نووست و خواردن و پێ لە هەوای ئۆکسجین بو، بەشی سێیەمیش ناویان لێنا (کەبانی) کە بریتیبوو لە ڕەکێتکی پاڵنەری زۆر بەهێز. سەر لوتکەی چیای (ئاگری) یان لە باکووری کوردستان بە دەستپێکردنی گشتکیان دیاریکرد. لە شاری (مەهاباد) لە ڕۆژهەاتی کوردستان جلوبەرگی تایبەتی کشتیوانییان بە دروستکردن، لە شاری سلیمانیش خواردنی وشکی کوردیی وەکو (کولەرە، هەنجیری وشک، مۆز، باسووک، کولیچە، دانەک، گەزە، شەربەتی مۆز، هەنگوین) و ئاوی سارد، ئاڵای کوردستان، کامیرای ڤیدیۆ، دۆزگایەکی پەیوەندی بێتەل و مۆبایل و چەند تابلۆیەکی لەسەر نوسراو و هێندێ پەیستی تریان بە ئامادەکردن و خستیانە شوێنی دیاریکراو لە بەشی دووەمی کشتی ئاسمانی (کوردستان -١) هەریەکەشیان بوتەکی گەورەی پێ لە گازی ئۆکسجینیان لە کەڵەپشتکانیان بەست. جوان فەرماندەی تیمی سەر مانگ بو، دیلان فەکەوانی باوەگوگور بوو، شقانیش فرەکەوانی ئامەد بو. هەریەکەش لە هیوا و مینا و مریەم، لە (وەستگەی ئاسمانی هەوڵەر) لە بەشی ڕاگەیاندنی هەوایی گشتکەدا بوون، ڕاستەوخۆ قەناغ بە قەناغی گشتکیان بە کەناڵی تەلەفزیۆن و ڕادیۆکانی جیهان دەگواستنەوە. لەسەر پەردەی کۆمپیوتەرکانی ژورکیان چاودێری گشتکەی کشتی ئاسمانی(کوردستان ـ ١) دەکرد.
تاقیکردنەوە و ڕاهێنانکانی مۆاوانی هەرسێ کشتیوانییە ئاسمانییەکان بە ڕێکی و سەرکەوتویی تەواوبوون. هەموو پەویستی و پەداویستییەکانی گشتکیان ئامادەکردن. دیلان زۆر حەزی لە گۆگرتنی سروود و گۆرانی ڕەسەنی کوردییە، داوای لە شقان وجوان کرد، کە رازیبن تۆمارکەرێکی گەورەی بە گشتکیان لەگەڵ خۆدا بهێنێت. جوان و شقان دڵیان نەشکاند و ڕێیان پێیدا

کە بیھەت. ھەرسە بەشکانی کەشتی (کوردستان ـ ١) لە سەر سکی ھەدان لەسەر چیای ئاگری بەستران. جوان و شڤان و دیلان، بە جلوبەرگە سپی تایبەت بە گەشتکەیان دەرکەوتن. دەستکانیان ھەبەین و ئەوارە باشیان لە جماوەری ئامادەبوو کرد. ئینجا چونە ناو (ئامەد) ی بەشی دوەمی (کوردستان ـ ١). خەیان باش بە قایشکانی کورسیەکانیانەوە بەستن. لەم ساتەدا، کەمەک خەرایی لەیدانی دەیان زیاتر بوو.
خەکیەکی زەر لەسەر گرد و سەربانە بەرزەکان و شەقامەکانی شارەکانی کوردستان و جیھاندا، چاوەڕێی ھەدانی کەشتی (کوردستان ـــ١) بوون، کە بەرەو مانگ دەرپەڕێت.
ئەوارەیەکی درەنگ بوو، لە بنکەی چاودەریدا (ئەکەی) درا، ژماردنی ھاتنخوارەوە دەستیپەکرد: ١٠- ٩- ٨ – ٧- ٦- ٥- ٤ – ٣ - ٢ – ١ – ٠ – گرررم. زرمەی دەنگەکی زەر بەھەز ھات و رەکەتی کەبانی لە دواوە ئاگری لەھەستاو و کەشتی (کوردستان ـــ ١) بە خەرایەکی زەری لە رادەبەدەر بەرەو بەشایی ئاسمانی ھەدا.. کلکە ئاگرەکی گەشی بەدواوەوە بوو. ناخی ئاسمانی رووناک کردەوە. دەنگی چەپڵەدان و ھاوارکردن و ھەھەڵەدان و چەینی سروودی ئەی رەقیب، لە لایەن خەکییەوە. سیمفەنیایەکی بەوەنەی موزیکی زەر خەشیان پەکھەنابوو. لە دوای دوو خولکەک رەکەتی کەبانی لە بەشی ئامەد جیابەوە و گەی گرت و ھاتخوارەوە و کەوتە نەو (دەریاچەی وان) ەوە. کەشتییەکە لەچاو ونبوو. دوای چەند خولەکەک لە ھەزی کەشکردنی زەوی رزگاری بو. جارەک بە دەوری زەویدا سوایەوە. کەشتیوانییەکان قایشکانیان کردنەوە. کەشیان زەر سوکتر بو، وەکو ماسی لە ھەوادا لەناو ژوری ئامەدا مەلەوانیان دەکرد. ئینجا لە رەی ھەر چوار مەتەڕە بەھەزکانی کەشتییەکەوە. بە ھەز و تینەکی زەر بە گوە و بە خەرایەوە، بەرەو مانگ بەرزبوونەوە. ھەرسە کەشتیوانییەکان زەر دەخەشبون. شەوکیان بە قسەی خەش و پەکەنین بەسەربرد. تاوکیش نووستن. کەوتنە رەژەوە.

دیلان: کاکە شڤان، دادە جوان، رەیم پەبەدەن با گورانییەکتان بە لەبەدەم؟

شڤان: ئەی بە نا. ئەمەش حەزدەکەین گومان لە گەرانییەکی خەشی کوردی بە.

دیلان کاسەتی گەرانی (باران بارانە.. ھەور و بارانە) ی خستناو تەمارکەرەکەی.

جوان (بە پێکەنینەوە): دیلان گیان ئەمە زۆر لە هەور و بارانەوە دورکەوتوونەتەوە. کەی کاتی ئێم گورانییە.

دیلان: کەواتە گورانی (ئەی مانگ) ی مامستا (عەلی مەردان) تان بۆ لێدەدەم؟
شڤان: دیلان گیان لە پێنجەرە خۆکەوە سەیری دواوە بکە. بزانە زەوی دەبینی؟
دیلان (سەیری کرد): بەڵێ زەوی وەکو تەپکی زۆر گەورەی شین و سپی دیارە.
جوان: شینکە زەریاکان و دەریاکانن.. سپیەکەش هەورەکانی ئاسمانی گەی زەوین.
دیلان: دادە جوان زۆرمان ماوە بگەینە بەسەر مانگ.
جوان: بە بەچونی من سبەینێ دگەینە ئاسمانی مانگ.
شڤان: خەرایی و تیژفڕینی کشتییەکەمان لە رادەبەدەر و تیژترین کشتییە. خەراییەکەی (٢٥،٠٠٠) بیست و پێنج هەزار کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا.
دیلان: دادە جوان ماوەی دوری نێوان زەوی و مانگ چەند کیلۆمەترە؟
جوان: ماوەی دوری نێوان زەوی ومانگ لە (٣٨٤) هەزار کیلۆمەتر زیاترە.
بەیانی دگەین بە خولگەی مانگ، بەوانن کە مانگ چەند گەورە و جوانە.

بە بەیانی شەوی دوەم کشتی (کوردستان ـ١) گەیشتە ئاسمانی سەر مانگ.
جوان: پێویستە من و دیلان خۆمن ئامادەبکەین و بچینە ناو گالەسکەی (باوەگوەگو).
شڤان: دەی ئەوە بەڵێن. دوای دە خولەکی تر، من باوەگوەگو لە ئامێد دەترازێنم. بە ئامێد بە دەوری مانگدا دەسوڕێموە. ئەوەش بەپێی پلانی داڕێژراومان لە شوێنی دیاریکراو، لەسەر مانگدا بنیشنەوە. لە کاتی دیاریکراوی گەڕانەوەشدا، بێنەوە خولگەی مانگ. پێویستە زۆر بە وردی بە وریایی پلانەکەمان جێبەجێبکەن.
جوان و دیلان چوونە ناو گالەسکەی (باوەگوەگو) ی یەکەی سەر مانگ. ئامادەبون و (ئەکیان) بە شڤان دا. شڤانیش باوەگوەگوی لە ئامێد ترازاند. باوەگوەگو رووی لەسەر سەرمانگ کرد. (ئامێد) یش کە تەنیا شڤانی تێدابوو. لە بەرزی

شەست بە حەفتا کیلەمەتر بەدەوری مانگدا دەسوایەوە.
باوەگوەگوە کە دیلان فەکەوانئ بوو، بەرەو سەر مانگ ئاراستەی کرد، لەسەر مانگ نزیک بەوە، بەڵام لە شوێنی دیاریکراو بە نیشتنەوەیان، چاڵەکی زەر قوڵی لێبوو، دیلان پەشەکا. جوان خەی باوەگوەگوەی ئاراستە کرد و لە چاڵەکەی دورخستەوە و بەرەو تەختایەک ئاراستەی کرد. خەرایی باوەگوەگوەی زەر هەواش کردەوە. گەڕپەکانی قاچەکانی باوەگوەگوور لەسەر کەمپیوتەرەکەی بەردەمیاندا سووربوون، نیشانەی ئەوە بوو، کە لەسەر مانگ نزیکبوونەتەوە. باوەگوەگوە لەترەکی داو و وەستا، گەوڕپەکانی قاچەکانی سەوزبوون. نیشانەی ئەوەبوون کە لەسەر مانگدا نیشتەوە. مژدەی گەیشتنیان بە سەرمانگ، بە بنکەی چاودێری لە هەولێر دا.
جوان (لەناو گالەسکەی باوەگوەگوە لەسەر مانگەوە): هەلو کاک هیوا.. هەلو مریەم گیان.. هەلو مینا گیان.. من و دیلان دەبینن.. گوتتان لەمانە؟ وەڵامان بدەنەوە؟
هیوا، مریەم، مینا: بەڵێ.. بەڵێ جوان گیان، راستەوخۆ دەتابینین و گوێشمان لە دەنگتانە. راستەوخۆش دیمەنەکان و دەنگەکانتان بە هەمو کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی جیهان دەگوازینەوە.. ئای کە مژدە و ساتەکی خۆشی بوونیە.. چاوەڵێی ئەوە دەکەین کە دابەزنە سەر مانگ. لە شارەکانی کوردستان، بوو بە هەڵپەڕکە و هەهەڵەدان.
جوان و دیلان، لە دوای کەمێک پشوودان و خواردنەوە. دەرگای گالەسکەی باوەگوەگویان کردەوە. پێشڕەی چوونە سەرمانگیان لە نەوان دەرگای باوەگوەگوە و سەرمانگ دانا. دیلان کامیراکەی کردە ملی.. جوان پییەکانی خستە سەر پێشڕەکە و دابەزی و پێی راستی لەسەر سەرمانگ دانا و ئینجا پێی چەپی دانا، یەکەمین هەنگاوی لەسەر مانگدا نا و وتی:
" ئەمە هەنگاوێکی بچووکی کچوەیەکی کوردی کوردستانییە.. بەڵام قەڵەمبازێکی گەورەی مرۆڤایەتییە" وتیشی:" ئای چ رۆژێکی مەزنە.. چ سەرکەوتێکی بەوننیە بە هەموو ژنانی جیهان" وتیشی:" چ شانازییەکی گەورەشە بە کوردستان، کە کچە کوردێک، بە یەکەمین جار، پێی خستە سەر مانگ".
لەم کاتەدا دیلان لە سەر دەرگای باوەگوەگووە، بە کامیرای قیدیۆ وێنەی کەشتیوان جوانی خوشکی دەگرت.. لە دوای بیست خولەک دیلانیش دابەزییە سەر مانگ.
ئەو رۆژش، رۆژی جەژنی نەورۆز بوو. بوو بە دوو جەژن بەیان. جەژنی گەیشتن بەسەر مانگ و جەژنی نەورۆزی نەتەوەیی کورد. بە

بۆنەی ئەم دو بۆنەیەوە، جوان و دیلان دەستی یەکتریان گرت و پیرۆزباییان لە یەکتری کرد.. تریش هەڵپەڕین. ئەمش یەکەمین یادی جژنی نەورۆز و یەکەمین جاریش کە لەسەر مانگدا هەڵپەڕکێی کوردی بکرێت.
دیلان: داده جوان، خۆزگە (مامە قالە مەڕە) ی شمشاڵژنیش دەماو و لەگەڵماندا بوایە. لەڕەدا تۆر شمشاڵی بە دەژنین.
ئینجا پیاسەیەکیان لەسەر مانگدا کرد.. نزیکەی (٣٠٠) مەتر لە باوگوگووەوە دوورکەوتنەوە. بە دوربین سەیریان کرد، زنجیرە چیایەکی بەرزیان بینی، لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆسی کوردستان دەچوو. دوایی دیلان (ئاڵای کوردستان) ی لە سەر مانگ چەقاند و باش دایکوتی. لەسەر تابلۆیەکیش وێنەیەکی رێنگاوەنگی هەرسەکیان بە دارکەوە داکوترابوو ئۆویشیان چەقاند. لەژێر وێنەکەدا نوسرابوو. ئەمە خوشکەک و دوبرا (جوان، شڤان، دیلان) کە کوردین و لە کوردستانەوە هاتووین بە سەر مانگ.. پەیامی ئاشتیمان بە هەموو مرۆڤایەتی هەناوە" تابلۆیەکی تریشیان چەقاند، کە میدالیایەکی گەورەی لە زیو دروستکراوی پێوە قایم کرابوو، لە سەر دیوی یەکەمی میدالیاکە، وێنەی کچ و کوڕێکی منداڵن، کە دەستی یەکتریان گرتووە، جلوبەرگی کوردییان لەبەردایە. لەسەر دیوەکەی تری میدالیاکە مژووی رۆژی گەیشتنیان بە سەرمانگ (١/ نەورۆز/ ٢٧٢٠) کوردی لێنووسراوە. هەندە خاک و خۆڵ و بەردی سەر مانگیشیان کردە ناو تورکەیەکەوە. تا زانا جیۆلۆجییەکانی کوردستان توێژینەوەیان لەسەر بکەن. گەر لە نێو جلەکانیاندا ئامێری فێنکردنەوە نەبوایە، بەرگەی گەرمیی رۆژی سەرمانگیان نەدەگرت. کەشی جوان لەسەر زەوی (٥٦) کیلۆ گرام بوو، بەڵام لەسەر مانگدا (٩) کیلۆگرام بوو. گەر بازێکی گەورەی بەرەو ئاسمان بدایە، بە قەد باڵای کشکێکی باڵا سە نهەمی بەرزدەبووە. چونکە هێزی کێشکردنی مانگ لاوازە.
خوارن و ئاو و ئۆکسجینیان هەر بایی رۆژێک پێ مابوو. بۆیە بیریان لە گەڕانەوە کرد. پێوندیشیان لەگەڵ شقاندا بچڕابوو، چونکە شوێنی نیشتنەوەکەیان لەسەر مانگ، شوێنی دیاریکراویان نەبوو. شقانیش ئومانی نەدەبینی.
جوان و دیلان گەڕانەوە بە ناو گاڵەسکەی باوگوگوگو. کەمێک پشویان دا. ویستیان کلیلی (سویچی) مەتەڵەکانی باوگوگوگو بابدەن و هەڵی بکەن، تومەس لە کاتی دابەزینی دیلان بە سەر مانگ، کەڵەپشتەکەی لێکەوتبوو و شکابوو. جوان

پێنوسکەی خستە شوێنی کلیلکەوە و بایدا و هەڵیکرد. کۆشیکی تریشیان بێ دروست بوو. پاتری وزەبەخشی کارەباییکان، شەحنی زۆر دابەزیبوو، توانای بزواندنی مەتەڵکانی. گاڵتەسکەی باوگوگۆی نەبوو. دوخەکی زۆر دژوار و چارنوسساز بوو، بۆ جوان و دیلان. لە نێوان ژیان و مردندا بوون. دوای دامان و رامان و بیرکردنەوە. جوان دەزگای تەماکەرەکەی دیلانی بینی، کە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی بۆ ناو گاڵتەسکەی باوگوگۆ. تەماکەرەکەی لە دیلان وەرگرت و پشتەکەی کردەوە کە چوار پیلی گەورە تێدا بوو، چوار پیلی یەدەکیش لەناو کەپشتەکەی دیلاندا بوو. جەمسەرەکانی هەموو پیلاکانیان بە یەکەوە بەستن و وایەری پاتریەکەی باوگوگۆریان بە هەردوو جەمسەری پیلە لەکدراوەکانەوە بەست. جوان پێنوسکەی بادا، مەتەڵکانی باوگوگۆ کوتنەوە کار. ئینجا دیلان پەنجەی بە دوگمەی بەرزبوونەوەی باوگوگۆدا نا. بە خراپیەکی زۆر بەرو ئاسمانی مانگ بەرزبوونەوە. زۆری پێنەچوو، گەیشتن بە ئامەد کە شەقانی تێدا بوو، تا ئەو کاتە سی جار بە دەوری مانگدا سووڕایەوە. گاڵتەسکەی باوگوگۆ نووسایەوە بە ئامەد. جوان و دیلان چوونەوە ناو ژوری ئامەد و لەگەڵ شەقاندا یەکیان گرتەوە و سباوشیان لە یەکتری دا و پیرزباییان لە یەکتری کرد. ئینجا باوگوگۆ رۆیی نەما. بە بارسووکی گیانەوەی ئامەد بە سەر زەوی، شەقان باوگوگۆی لە ئامەد ترازاند و لە ئاسماندا جێیان هێشت. نازانن کە چی بەسەرهات.
لە کوردستاندا، ئامادەکاری بۆ گیانەویان کرا، بەڵامەکی گەورەی تایبەتی لە ناواستی (دەریاچەی دوکان) ی نزیکی شاری سلێمانی لە چاوەوانی گیانەوەی کشتیەوانکاندا بوو. بە هەزاران کەسیش لە رەخی دەریاچەی دەکاندا ریزببوون.

کشتی (کوردستان – ١) گەیشتەوە نێو بەرگەهەوای زەوی. شەقان هەواش هەواش خراپیەکەی کەمکردەوە. هەرسێ کشتیوانیەکە (جوان ، شەقان، دیلان). لە بەرزی پێنج سەد مەترەوە بە پەرەشوت خێیان هەڵدایە ناو ئاوی دەریاچەی دوکان، یەکسەر دەریانیان هێنان و خستیانیانە ناو ژورەکی بەڵەمەکەوە. پێش کشتیوانکانیش کەشتی (کوردستان ــ ١) یش کەوتە ناو دەریاچەی دوکان. ئەویشیان خستە سەر بەڵەمەکی گەورە بە ئاوی لەمەزخانەی

سلێمانی دابنرێت.
هەرسێ کەشتیەوانەکان بە ماوەی هەفتەیەک لە (دابەینی تەندروستی) دا مانەوە،لایەن لیژنەیەکی پزیشکیەوە، هەموو پشکنینەکیان بۆیان کرد، نەباکێ ڤایرەسی سەری مانگ چوبێتە گیانیانەوە. دەرکەوت کە هەرسەکیان تەندروستن و هەڵگری هیچ ڤایرەس و پەتایەک نین.
پێشوازییەکی فەرمی و جەماوەریی زۆر گەرمیان لێکردن.. بە چەپکە نەرگزی کوردستان، نەرگزبارانیان کردن. میدالیای زێرینی رزگارنانی ئازادی و ئازایەتیشیان لێمل کردن.
جوان لە پەیامەکەیدا بە جەماوەری پێشوازیکەران، وتی:" راستێ کە گەیشتن بە سەر مانگ سەرکەوتنێکی زۆر گەورەیە.. بەڵام سەر مانگ نەئاوی لێیە و نە هەوا و نە ژیان.. هیچ شوێنێک لە کوردستانی شیرینمان و لە ئاستێرەی زەوی دڵگیرتر نییە. بۆیە دەبێت، هەموومان ژینگەی سروشتی کوردستانی نیشتیمانی جوانمان بپارێزین"
لێم کاتەدا، دایکی جوان، بانگی جوانی کرد:" جوان گیان، هەستە نانی بەیانی دەخۆین"
جوان"ئای دایکە گیان چی خۆنکی خەشم بینی. دوای نانخواردن بەتانی دەگەڕمەوە"
() بە بیرکەی ئەم چیرۆکەم، سوودم لە گەشتەکەی کەشتی ئاسمانی (ئەپۆلۆ-١١) وەرگرتووە، کە لە ساڵی (١٩٦٩ز) یەکەمین کەشتی بووە کە لەسەر مانگدا نیشتەوە. () ئەم چیرۆکەم (چیرۆکەکی خەیاڵی زانستی) یە، کە تا ئەمڕۆش ئەم ژانرە چیرۆکە لە ئەدەبی منداڵانی کوردماندا زۆر کەمە. زۆر بەکەمیش چیرۆکنووسانی منداڵانی کوردمان خەیان لە وەزەی داون.. ئەم چیرۆکە بە ئاستی مەردمنداڵان گونجاوە.
رزگار شوان
نەرویج: ١٠/ یانوار / ٢٠٢١

بەراورد.. کۆنعان مدحەت

تەوق و زنجیرەکانی پەم
بە پەلکی هیچ شاخە کچە ناگەمەوە
ئەمان لە باتی قردەلە و

بەن و
خەون و خەیاڵ ..
لە گونجی کەلاوی دەما
وێنەی هەمە چەشنە دەبەخشنە
هەناوە چاو بە فرمێسک و خەمەشیەکانم

دەنیام لەوەی کە ،
بە کەس شیعر ئەم بەندیخانەیە تە ئەپەنم
لە داهاتووی ئاشناتر بە تریفە
لەکوتەکانی ئەشکەنجە
بە سەماکەرانی زەماوەند شی دەکەمەوە
توانای هزری و
خەونی ..
لە بەسن و یادمکەنەوە

ئەم هەمو ئارایشە نمایشکراوانە
بە دونەمەوە نامبەستن

هەراسانی و
ئەستای پەرشوبڵاوم
گەرچی خەوم لە چاو دەدزن
مەیلی سەرلەنوە بە گر خە هەواسینم
پە پوچ ناکەنەوە

ئەم تەمەنە ،
با هەر تارمایی بەسە
دەسەات لە دارەشتنی کەیلایەتی
خە نەکەشە
حەوسەلەی سبەینەم لە هەر حوکمی درەژترە
گای ئەم گەپانە هەر ئەدەم بە عەرزا
بە کاژەر بەین لەو دووبانەدا
لە سەراسوە نەکەوە و ئامادەی
بینینم بە